# ئەی نەیزەکی کەوکەبی من ... کۆمەکمکە !!

## زمناکۆ بورهان قانع

دیارە پێشکەشە بە ( هێمن حەمەجەزا ) ی شاعیرو هاوڕێم

***********************************************

"ئیدی ژیان شکستی دواهەمین حورمەتی من و تۆ بوو"

بەختیار عەلی/ قەسیدەی "عەشق"

***********************************************

ئەی ساقی مەجلیسی من لەم شەوەدا

ئەی مەیگێڕی دڵشکاوم لەم حوجرەدا

ئەی تارژەنی قەدیمی من لەم حوزنەدا

ئەی تەسکینی قەلبی من ... لەم فەسڵی پڕ هیجرەت و وەحشەتەدا

گوڵی من پەڕ پەڕ مەکە لە باغێکدا

نزیك لە ساحیلی مەرگ و

قەریب بە گۆشەگیری

ئەی خودا ... کۆمەکمکە

کۆمەکمکە بە غرورێك لە عەرشی پڕ نووری خۆت

کۆمەکمکە بە عومرێك خاڵی لە ئینتیزاری غروب

ئەی تەکیەگای پڕ لە فانۆسی ئەم زوڵمەتە

ئەی چەشمی پڕ شیددەتم

بۆ روئیەتی خەراباتی ئەم وەحشەتە ... کۆمەکمکە

کۆمەکمکە... تۆ

تۆ... ئەی مورغی نێو قەفەز بە ئینتیزاری ئینقاز

تۆ... ئەی نائومێدی رەشبین بە بیدایەتی ئینتیحار

ئەی خودا کۆمەکمکە... من دەترسم

خەوفم هەیە پێت بڵێم

لەشەوی ئەستێرەکشاندا

نەیزەك و تریفەی خۆتم بە سواری قەوس و قەزەح بۆ بنێرە

نەبادا بە دەیجور هەلاهەلای عەشقم بکەیت

زۆر رەهیب و ترسناکە کە پێت بڵێم

سەرم بخە بۆلای عەرشت... بە پلیکانەی فیردەوسی خۆت

نەبادا بە پەیژەی کوفردا فڕێم بدەیتە خوارەوە

ئەی خودا... زۆر دەترسم

دەترسم لە واعیز و قەدیسی تۆ

دەترسم لە موعجیزەو مەحشەری تۆ

ئەی خودا... کۆمەکمکە و

تەیری من پەڕوباڵ مەکە لەم فڕینەدا... کە زۆر نزمە

شەرابی من مەڕژێنە لەم (باڕ)ەدا... کە تاریکە

شمشاڵی من کون کون مەکە لەم کۆنسێرتە... کە زۆر چۆڵە

فیراقی من تووڵ مەکێشە بۆ چونە نێو باوەشی یار

ئەی خودا... کۆمەکمکە

کۆمەکمکە بە شەیپوڕێك... کە ئیعلانی نیهایەتی ئەم جەنگە بێت

بە قامچییەکی پڕ لە سوێ

کە لە ئەزەلەوە راوچییەکی بێ نێچیر دەیوەشێنێت

بە دارمەیتی مردوویەك بە ئیجار... کۆمەکمکە

بە تابوتی پڕ لەمۆمیای فیرعەونێك لەناو هەرەمی خۆفۆ... کۆمەکمکە

ئەی خودا... ئەی فەریادڕەسی تەنهایی من

ئەی ناعوری حەقلی وشکم

ئەی نەیزەکی کەوکەبی من

کۆمەکمکە... کۆمەکمکە...